سەرۆک وەزیران پێشوازی دەکات لە پەرلەمانتار عەدنان زورفی

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران مەحەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە ئیندامی لیژنەی دارایی لە ئینجومەنی نوێنەران، پەرلەمانتار عەدنان عەبد خزەیبر زورفی.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە"لە چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت تاوتوێی کرا لەگەڵ کاروباری دارایی و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە بودجەی سە لایەنە و ئەدای دەزگا خزمەتگوزاری و کەمایەتیەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان".

ئاماژەی بۆکرد"هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان، بەمەبەستی بەردەوامبوون لە بەرنامەی حکومەت و تەواوکردنی سەرکەوتنەکانی و بەدیهێنانی خواستەکانی هاوڵاتیان لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق."